# بۆچی وایە

## ئالان قەرەداغی

۲۰۲٥

ناوی کتێب: بۆچی وایە

نوسەر: ئالان قەرەداغی

بابەت: حیکمەت

سالّی بلاّوکردنەوە: ٢٠٢٥

# ناوەڕۆکی کتێبەکە لەم بابەتانە پێکهاتووە

پێشەکی

بۆچی هەندێ کار بەدڵی ئێمە نییە؟

بۆچی نابێ لەم دنیا وەڵامی هەموو شتێکمان دەسبکەوێ؟

حیکمەتی ڕاچڵەکین

بۆچی هەندێ جار خەونی ناخۆش دەبینم؟

**ئەگەر شتێك لە چارەنوسی تۆ نوسرابێ بەهەرشێوەیەك بێت بۆت ئەبێت.**

پەرداخێ شیر قیسمەتی لەسەر زەوی مابوو نەمرد تا خواردیەوە.

مریشکێکی سورەوەکراو قیسمەتی سواڵکەرێك بوو لە وڵاتێکی تر.

بــۆچی هەنــدێ جــار لە گەیشــتن بە ئامــانجەکەت دوائەکەوی؟

بۆچی چـونە بەهەشـت پێویسـتی بە نـاڕەحەتی دنیـایە؟ بــۆچی خــوا هەمــوو خەڵــك ناخــاتە بەهەشــت؟ تاقیکردنەوەی بۆچییە؟

**باســێك دەربــارەی عەشــقی خــودا و خۆشویســتنی ڕاستەقینە لە دڵەوە.**

**عەشق چییە؟ خۆشەویستی چییە؟ هۆگری چییە؟**

**دەربارەی دوعا و پاڕانەوە**

بۆچی هەندێ جار دوعاکان گیرا نابن؟

کاریگەری باوەڕ و یەقین لە قبوڵبوونی دوعا

یاساکانی ژیان بۆ کێ فەرامۆش ئەکرێ؟

موڵکی خوا بێ سنورە و کەم ناکات

بۆچی وایە؟

ئایە تا چەند باوەڕمان بە فەرمودە و ئایەتەکانی قورئان هەیە؟

موناجات

**لە باسی ئافرەت و وەڵامی ڕەخنەکان**

ئافرەت ناقس عەقڵە؟

# پێشەکی

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

کاتێك نەخۆشێك ئەچێت بۆلای دکتۆر بۆ چارەسەری نەخۆشیەکەی دکتۆرەکە ئەو دەرمانەی بۆ ئەنوسێت کە سودی بۆی هەیە نەك ئەو دەرمانەی کە حەزی پێیەتی، بێگومان هەموومان حەزمان لە شتێکە چێژ لە خواردنی ببینین، حەزمان بە شیرینی و خواردنی خۆشە، ئەدی بۆ دکتۆر شروبێکی تاڵ و دەرزیەکی بە ئازارمان بۆ ئەنوسیٚ؟! لە شیرینی و خواردنە خۆشەکان چێژی تیایە، بەڵام سود نا بەڵکو هەندیٚ جار و بۆ هەندیٚ نەخۆش زیانیشی هەیە،

شروبەکە و دەرزیەکە چێژی تیا نییە بەڵکو ناڕەحەتیشـــی هەیە، بەڵام ســـودی هەیە، ناڕەحەتیەکەی کەمە و سودەکەی زۆرتـرە و درێژخایەنە.

لەوانەیە شروبێکی تـاڵ و ئـازاری دەرزیەك ببێتە هۆی ئەوەی دووربی لە نەخۆشـیەکی مەترسیدار، تاڵی و ئازارێکی کـاتی لەپێنـاو قازانج و سودێکی درێژخایەن.

ئێمە کە هاتوینەتە ئەم دنیا ژیانمـان پـڕە لە هەڵبەز و دابەز و بەرزی و نزمی و خۆشی و ناخۆشـی، چێـژ لە خۆشـیەکانی ئەبینـین، لەوانەشـــە بە ناخۆشـــیەکانی توشـــی بـــێ ئومێدی و نـاڕەحەتی ببـین، بەڵام ئەگەر لە

حیکمەتـــی ناخۆشـــیەکانیش تێـــبگەین ئەوکات ئەزانین کە توشـبوون بە ناخۆشـی و نـــارەحەتیش لە بەرژەوەنـــدیمانە و لە بەرەنجامـا سـودی بۆمـان هەیە جـا ئیتـر سودەکە لەم دنیا بێت یا لەو دنیا.

لەم کتێـبەدا باسـی چەنـد حیکمەتێکمـان کـردووە و هەنـدێکیان لەڕووی زانسـتیەوە باسکراوە.

هـیچ شـتێك بـێ کەم و کـوڕی نـابێ، لەکۆتـایی داوای دوعـای خێرتـان لـێ دەکەم.

ئالان قەرەداغی

**2025/3/20**

سەیدسادق

## بۆچی هەندێ کار بەدڵی ئێمە نییە؟

لە گونـدێکی نزیـك پێنجـوێن مامۆسـتام، ڕۆژێـك ئەبـوو بگەڕێـمەوە بـۆ سـلێمانی، ئێوارە لە گوندەکەوە لەگەڵ مامۆستایەکی هـاوڕێم کەوتیـنەڕێ، خـۆی ئەبـوو پـێش بانگی عەسر بگەیـنە پێنجـوێن، بەس قەدەر وابوو درەنگ بوو، بەوە بێتاقەت بووم، ئەو سـەیارانەی کە ئەچـوونەوە بـۆ سـلێمانی نەفەریان نەبوو، نزیکی سەعاتێك چاوەڕێی نەفەر بووین کەس نەهات، کات گەشتە نزیـــك بـــانگی مەغریـــب، لەو کاتەیـــا پەیوەنـــدیم بە مامۆســـتایەکی هـــاوڕێمەوە کرد، وتی لەکوێی وتم لە پێنجـوێنم ئەبـێ

بگەڕێمەوە بۆ سلێمانی، وتی مەڕۆرەوە یەم بەدواتـا ئەمشـەو وەرەوە بـۆ لای ئـێمە بـۆ داخلی و سبەی بڕۆ، هات بەدواما و بەدەم دەمەتەقێوە چـووین بـۆ داخلـیەکەی ئەوان، لەڕاستیا من زۆر پێم خۆش نەبوو، چـونکە ئەبوو بگەڕێمەوە بۆ سلێمانی، هەرچۆن بوو گەشتینە داخلیەکە و نانی ئێوارەمان خـوارد و تـا بـانگی عیشـا بە دەمەتەقـێ کاتمـان بەسـەربرد، بـانگی عیشـای فەرمـوو، مامۆستایەکی برادەرم وتی بۆ نـایەی بچـین بـۆ مـزگەوت؟ هەرچەن مـن بەتەمـای مـزگەوت نەبـووم، بەس لەگەڵ ئەوان چووم، نوێژی عیشامان کرد، جەنازەیەك لە

مزگەوتەکە بوو، دوای نوێژی عیشا نوێژی جەنازەمان لەسەر کرد و خەڵکێکی زۆر کۆبوونەوە کە بیبەن بۆ سەرقەبران، برادەرەکەم وتی بۆ نەچین لەگەڵی بۆ سەرقەبران؟ وتم وەڵا هەزار جار ئەوە خێرێکی گەورەیە، سەرقەبرانەکە تۆزێك دووربوو لە مزگەوتەکە ئەبوو بە سەیارە بچین ئێمەش کەسمان سەیارەمان پێ نەبوو، ویستمان بگەڕێینەوە بۆ داخلی لەوکاتەدا سەیارەیەك دای بە لامانا وتی بۆ سەرقەبران ئەچن؟ وتمان بەڵێ، وتی دە سەرکەون لەگەڵ منا بەیەکەوە ئەچین، بەڕێکەوتین نزیکەی چارەکە سەعاتێکمان

پێچوو تا گەشتینە سەرقەبرانەکە، هەر باسی چاکە و باشی مردووەکەیان ئەکرد، کە ئەهلی مزگەوت بووە و کەسێکی زۆر باش بووە، گەشتینە لای قەبرەکە، مامۆستای مزگەوتەکە لە لاسەرووی قەبرەکەوە وەستابوو وتاری ئەدا، ئەمیش دیسان باسی چاکە و باشی مردووەکەی ئەکرد، وەلحاڵ تا گەشتینەوە داخلی هەرکەسێکمان ئەبینی باسی باشی مردووەکەی ئەکرد کە چەنێ باش بووە و ئەهلی مزگەوت بوو.

لەمەوە چیم بۆ دەرکەوت؟

خـوای گەورە لەپێنـاو ئەوەی کە کەسـێك زیـــاتر نـــوێژ لەســـەر بەنـــدەیەکی بکـــا سەفەرەکەی منی دواخست، لەپێنـاو ئەوەی کەسـێ زیـاتر گوێبیسـتی چـاکە و باشـەی کەسێك بێت سەفەرەکەی منی دواخست.

**بـۆچی نـابێ لەم دنیـا وەڵامـی هەمـوو شتێکمان دەسبکەوێ؟**

یەکێــك لەو حیکمەتــانەی کە چێــژی بە ژیان بەخشیوە ئەوەیە کە نەزانینـی وەڵامـی هەنـدێ پرسـیارە، ئەگەر وەڵامــی هەمـوو پرسیارێك بزانین ئیتر ژیان هـیچ مانـایەکی

نابێ، چونکە ژیان ئەبێتە شتێکی دووبارە و بێ واتا.

بە گشتی ئینسان چێژ لە کەشفکردن ئەبینێت، بەردەوام ئینسان بەدوای ئەوەیا ڕائەکات کە وەڵامی دەسکەوێت و شت کەشف بکات، ئەگەر هەموو شتێکی کەشف کرد و هیچ نەمایەوە ئیتر چێژ لە ژیان نابینێت.

لە هەموو بوارێکی ژیان هەمووکات چێژ لەوەدایە کە کۆمەڵێک شت بە کەشفنەکراوی و نهێنی بمێنێتەوە تا هەوڵی بۆ بدەیت، تەنانەت لە پەیوەندی خۆشەویستی دوو کەس، ئەگەر یەکێك لە

دوو کەسەکە هەموو هەستەکانی خۆی بۆ کەسی بەرامبەر دەربڕی، کەسی بەرامبەر زوو لێی بێزار دەبێت، چونکە هیچ شتێك لەو کەسەدا نەماوە تا هەوڵی بۆ بدات و کەشفی بکات.

ئەگەر یەکیان سەدا سەد هەموو هەستەکانی خۆی بۆ بەرەمبەر دەربڕی بەرامبەر لەبەرچاوی ئەکەوێ، چونکە کەسی بەرامبەر ئەیەوێ هەندێ شت بمێنێتەوە خۆی کەشفی بکا چونکە مرۆڤ لەزەت لە هەوڵدان و کەشفکردن ئەبینێ، ئەگەر دوو کەس یاریەکی شت شاردنەوە بکەن یەکیان شتەکە لەناو دەستی

بشاریتەوە و پێش ئـەوەی ئەوی تـر بیـری لێبکاتەوە یەکسەر خۆی بڵێ لەم دەسـەمایە ئیتـــر ئەوی تـــر چ لەزەتێــك لەو یـــاریە دەبات؟

هەربۆیە هەمـوو کـات ئینسـان لەزەت لەوە دەبینێت کە ڕاکە ڕاك بکا بەدوای کۆمەڵێ شتی نەزانراو و هەوڵ بۆ زانینی بدات.

هەر لە یـاری تـۆپی پـێ، کاتێـك یـاریەك دەکـــات بە تـــامەزرۆییەوە چـــاوەڕێی دەکەیت، بۆچی؟

چونکە ئەتەوێ بزانی کێ ئەیبـاتەوە؟ کــێ گۆڵ ئەکا؟ کام یاریزان باش یاری ئەکـا؟

و ئەمانە و چەندین پرسیاری تر لە میشکتایە و ئەتەوێت وەڵامەکەی وەرگریت، بۆیە یارییە ڕاستەوخۆکە چێژی هەیە، چونکە چاوەڕێی وەرگرتنی ئەو وەڵامانەی، بەڵام ئەگەر دوێنێ یاریەکە پەخشکرابێ و ئەمڕۆ دوبارەی بکاتەوە، ئایە ئەو چێژەی هەیە وەك ئەوەی بە ڕاستەوخۆ سەیری بکەیت؟ نەخێر، چونکە هەموو شتێکت کەشف کردووە، وەڵامی هەموو پرسیارێکت دەسکەوتووە، ئەزانی کە یاریەکە دوبارەیە، ئەزانی کێ بردویەتیەوە، ئەزانی کێ گۆڵی کردووە،

پرسیارێك نەماوەتەوە كە چاوەڕێی وەڵامەكەی بیت.

ژیانی ئێمە وەك ئەو یارییە وایە، ئەبێ پڕبێ لە پرسیاری وەڵام نەدراوە، تا ئێمە بەدوای وەڵامەكەیدا ڕاكە ڕاك بكەین.

تا ئێستا تێبینی ئەوەت كردووە ئەو كەسانەی كە پەنا دەبەنە بەر خۆكوشتن بەشێكی زۆریان دوو جۆرن، یا بێ باوەڕن بە ڕۆژی دوایی، یا كەسانی زۆر دەوڵەمەندن و هەموو خۆشیەكانی ژیانیان تاقی كردۆتەوە شتێك نەماوەتەوە بەدوایا بچن بۆیە ژیان بۆیان دوبارەیە و لێی بێزارەبن، یاخود باوەڕیان بە ڕۆژی دوای

نییە و پێیـان وایە لەم دنیـا وەڵامـی هەمـوو شتێکیان وەرگرتووە بۆیە دنیا بێ واتا بووە لەلایان، بەڵام بۆ ئـێمەی بـاوەڕدار لەم دنیـا بەشـــــێکی زۆری پرســـــیارەکانمان بە وەڵامـــنەدراوی ئەمێنێـــتەوە کە ئەمەش وا دەکـــات لە ژیـــان بەردەوام بـــین و بە دوبـــارەی نەبینـــین، و باوەڕمـــان بە ڕۆژی دوایـــی هەیە و لەو دنیـــا وەڵامـــی پرســـیارە نەدراوەکانمان ئەدرێتەوە و لەو دنیـا مـردن بوونی نییە و ژیانێکی هەتا هەتایی دەژین.

## حیکمەتی ڕاچڵەکین

بۆچی هەندێ جار لەپڕێکا و بەبێ هۆکـار ڕائەچڵەکێم؟ بـۆچی لەکـاتی ئیشـکردن یـا

چێشت لێتان دەست بەر گەرمیەك ئەكەوێ؟ بۆچی لەكاتی بڕینی شتێك یا قاشكردنی میوەیەك هەندێ جار چەقۆیەك لە دەست ئەدەیت و دەست ئەبڕیت؟ هەندێ جار پەنجەی قاچت بەر لێواری دەرگایەك ئەكەوێت.

لە هەموو ئەو حاڵەتانەدا (دەستبڕین، ڕاچڵەكین، گەرمی بە شوێنێكت بكەوێ) جوڵەیەكی خۆنەویست و لەناكاو بۆ لاشەت دروستەبێ و ئەبێتە هۆی وریاكردنەوەت، لەم كاتەدا لەوانەیە یەكێك لە ملولەكانی خوێنی لاشەت خوێن تیا كۆبوبێتەوە بەشێوەی تۆپەڵ،

ئەگەر بەو شێوە بمێنێتەوە ڕێگرەبێ لە تێپەڕبوونی خوێن بۆ مێشك و بەشەكانی تری جەستە، بێگومان چەند چركەیەك خوێن نەچێت بۆ مێشك كەسەكە گیان لەدەست دەدات، هەربۆیە لەوكاتەدا كە دەست ئەبڕێت یان ڕائەچڵەكێت، ئەو جوڵە خۆنەویستەت ئەبێتە هۆی ئەوەی ئەو خوێنەی كە خەریكبووە تۆپەڵ ببێت شیببێتەوە و خوێن بە ئاسانی بۆ بەشەكانی جەستەت بڕوات و دوورت بخاتەوە لە مردن.

## بۆچی هەندێ جار خەونی ناخۆش دەبینم؟

زۆرینەمـان توشـی ئەو جـۆرە خەوبینیـنە بـووین کە خەوێکـی ناخۆشـە و لە کۆتـایەکەی بەهـۆی تـرس و ناخۆشـی خەوەکەوە خەبەرمان دەبێتەوە، بۆچی ئەم خەوە دەبینین؟

لەکـاتی خەبەربـوونەوە دوای بینینـی خەوە ناخۆشـەکە ئەگەر تێبینیـت کردبێـت یـا بەشێکی جەستەت سڕ بووە، یا دەستت کەوتۆتە ژێر خۆت یا قاچت سڕ بووە، لەوکـاتەدا مێشـکت سـیناریۆیەك دروستەکات بەشێوەی خەوبینین لە شێوەی خەوێکی نـاخۆش تـا بەهۆی ئەو تـرس و

نـــــــــاڕەحەتیەوە کە لە خەوەکەدا هەیە خەبەرت بێـــــــتەوە، چـــــــونکە دوای بەخەبەرهـــاتن ســـڕیەکەی ئەو بەشـــەی جەستەت نـامێنێ و ئەکەویـتە جـوڵە، خـۆ ئەگەر وانەبوایە ڕەنـگە بەخەبەرنەهاتیتـایە و ئەو بەشـەی جەسـتەت بە سـڕی بمـایەتەوە بەم جۆرەش خوێتی بۆ نەئەچـوو و ڕەنـگە ببوایەتە هۆی مردن، بۆیە خـوای گەورە بە خەوێکـی نـاخۆش و نـاڕەحەتیەکی کـاتی کەم ژیانت ڕزگار دەکات لە مردن.

**ئەگەر شتێك لە چارەنوسی تۆ نوسرابێ بەهەرشێوەیەك بێت بۆت ئەبێت.**

**پەرداخێ شیر قیسمەتی لەسەر زەوی مابوو نەمرد تا خواردیەوە.**

ئەگێڕنەوە لە گوندێك بیرێکی گەورە هەبوو، ڕێبوارێك ڕێی ئەکەوێتە گوندەکە و نەشارەزا ئەبێت و ئەکەوێتە ناو بیرەکە، بە هاوارکردن و خەڵکی چواردەورەکەی پێی ئەزانن و هەرچۆن بێت لە بیرەکە دەری ئەهێننەوە، کە دەری ئەهێننەوە خەڵکەکە پێی ئەڵێن چۆن بوو ڕێت کەوتە ئێرە و چۆن کەوتیتە ناو ئەم بیرە؟ هەر لەناو خەڵکەکە ڕیش سپی گوندەکە ئەڵێ

جارێ وازی لێبێنن با ئیسراحەتێ بکە و پەرداخێ شیری بۆ بێنن با بیخواتەوە، پەرداخێ شیری بۆ ئەهێنن شیرەکە ئەخواتەوە و دواتر ئەیەوێت بۆ خەڵکەکەی باس بکا کە چۆن هات و بیرەکەی نەبینی لەم کاتەدا پێی هەڵئەکەوێت و جارێ تر ئەکەوێتەوە ناو بیرەکە و ئەمجارە کە دەری ئەهێننەوە گیانی دەرچووە.

ڕیش سپی گوندەکە دەڵێت ئەم کەسە جاری یەکەم کەوتە ناو بیرەکە و نەمرد چونکە پەرداخێ شیر مابوو لەسەر زەوی کە نسیبی ئەو بوو ئەبوو بیخواتەوە،

شیرەکەی خواردەوە ئینجا گیانی دەرچوو، لەسەر زەوی یەك پەرداخ ئاو نسیبی تۆ بێت نامریت تا نەیخۆیتەوە.

**مریشکێکی سورەوەکراو قیسمەتی سواڵکەرێك بوو لە وڵاتێکی تر.**

ئەگێڕنەوە خاوەنی کۆمپانیایەك بە یەکێك لە کارمەندەکانی ئەڵێت هەفتەی داهاتوو فلانە ڕۆژ لە فلانە وڵات دەورەیەك هەیە بۆ پەرەپێدانی ئەم بەشەی کۆمپانیاکان ئەبێ تۆ بچیت بۆ ئەو وڵاتە و بەشداری ئەو دەورەیە بکەیت، کارمەندەکەش ڕازی دەبێت و بۆ هەفتەی داهاتوو کەلوپەل و پێویستیەکانی ئەپێچێتەوە کە سەردانی ئەو

وڵاتە بکات، بە خێزانەکەی ئەڵێ بەڕێوبەری کۆمپانیا ڕایسپاردووم بچم بۆ ئەو وڵاتە، ئەو وڵاتەش زۆرینەی موسوڵمان نین، منیش نەشارەزام لەوێ، ئەترسم خواردنی حەڵاڵم دەسنەکەوێ و فریا نەکەوم بەشوێن خواردنی حەڵاڵ بگەڕێم، مریشکێك ئەکرم جوان بۆم ئامادە بکە و سوری بکەرەوە با لەگەڵ خۆم بیبەم.

خێزانی کابرا مریشکەکە ئامادە دەکات و جوان سوری کردۆتەوە، کابرا گەشت دەکات بۆ وڵاتی مەبەست و خۆی و کەلو پەلەکانی و مریشکێکی

سورەوەکراوی پێیە، ئەگاتە وڵاتی مەبەست و لەوێ هاوڕێیەکی سەردەمی زانکۆی خۆی ئەبینێت کە ئەو بۆ خوێندن چۆتە ئەو وڵاتە و دوای چاك و چۆنی و ئەحواڵ پرسین، بەسەرهاتەکەی بۆ ئەگێڕێتەوە کە بۆ کاری کۆمپانیا هاتووە بۆ ئەم وڵاتە، بەڵام مریشکێکی لەگەڵ خۆی هێناوە تا خۆی بپارێزێ لە خواردنی حەرام، برادەرەکەی پێی ئەڵێ پێویست بەوە ناکات، ئەچینەوە بۆ شوێنی مانەوەی من و خواردنی خۆمان حازر ئەکەین، بەڕێگادا دەڕۆن سوڵاکەرێك ئەبینن، کابرا ئەڵێ مادەم بچینەوە خۆمان خواردن ئامادەبکەین

با ئەم مریشکە بدەم بەم سواڵکەرە، مریشکەکەی ئەداتێ و خۆیان ئەچنەوە بۆ شوێنی مانەوەی خۆیان، لەم کاتەدا هەواڵی پێدەگات کە دەورەکە هەڵوەشاوەتەوە و ئەنجام نادرێت، کابرا دەگەڕێتەوە وڵاتی خۆی، لەو گەشتە تەنها ئەوەبوو کە مریشکێك بە ئامادەکراوی لە وڵاتێکەوە بچێ بۆ وڵاتێکی تر و ببێتە نسیبی سواڵکەرێك.

## بۆچی هەندێ جار لە گەیشتن بە ئامانجەکەت دوائەکەوی؟

وتیان کابرایەك نیازی گەشتێکی هەبوو بۆ وڵاتێك بچێت، گەیشتە فرۆکەخانە و

بەهۆی قەرەباڵخی ڕێگا و ترافیك لایت تا گەیشتە فڕۆکەخانە لە کاتی خۆی دواکەوت و فڕۆکەکە جێیهێشت، کابرا بەدەم ناشوکری و نائومێدی و تووڕەییەوە گەیشتە ماڵەوە، چەند کاتژمێرێك دوای گەیشتنی بە ماڵەوە لە سۆشیال میدیا ئەبینێت هەواڵێك بڵاوبۆتەوە ئەمڕۆ فڕۆکەی ژمارە ئەوەنە بەهۆی کێشەی تەکنیکییەوە لە ئاسمان کەوتۆتەخوارەوە سەرجەم سەرنشینەکانی گیانیان لەدەسداوە.

تەلەبەیت، یا ئامانجێکت هەیە، وەکو ئەو تیرە خۆت بێتە پێشچاو.

زۆرجار خێر لە دواکەوتندایە، خوێندکارێکیت ساڵێك لە خوێندن ماویتەتەوە لەوانەیە ئەو ساڵە ببێتە هۆی ئەوەی داهاتوویەکی زۆر باشتر هەبێ، مەرج نییە داهاتوەکەش هێنانی نمرەیەکی زۆر بەرزبێت، نا لەوانەیە لەوکاتەی تۆ ساڵێك دواکەوتوی خوای گەورە لە داهاتوودا نسیبی تۆ بکاتە بەشێك و هاوڕێیەکت بۆ دروستبێت، زۆر گرنگتربێت لە نمرەی بەرز.

تیر و کەوان ئەگەر تیرەکە ڕانەکێشیتە دواوە خێرا ناڕوات و ئامانجەکە ناپێکێت، بەڵام چەند هەنگاو بێتە دواوە ئەوەنە زیاتر

بۆ پێشەوە دەڕوات و باشتر ئامانجەکەی دەپێکێت.

**بۆچی چونە بەهەشت پێویستی بە ناڕەحەتی دنیایە؟ بۆچی خوا هەموو خەڵك ناخاتە بەهەشت؟ تاقیکردنەوەی بۆچییە؟**

برادەرێك وتی باشە بۆچی خوا ئەم خەڵکەی دروستکردووە بەشێك ئەچنە بەهەشت و بەشێکی ئەچنە جەهەنم؟ بۆ هەمووی ناخاتە بەهەشت؟

ئینسان لەزەت لە ڕاکە ڕاك ئەبینێت، لەڕووی دەرونیەوە بەو شتە مورتاحە و لای گرنگە کە هەوڵی بۆ بەدەستهێنانی

داوە، هەرشتێك ئەگەر بەبێ هەوڵ بەدەستت بگات بایەخی کەم دەکات، چونکە لەکاتی هەوڵدان بۆ شتێك مێشت وا بیرەکاتەوە کە ئەم شتە ئەوەندە گرنگە کە بەو جۆرە خۆتی بۆ ماندوو دەکەیت، بۆیە بەدڵنیایەوە نرخی زیاترەبێت لەلات.

لە پەیوەندی دوو کەس، ئینسان بەوە مورتاح ئەبێت کە هەموو هەستی خۆی بۆ بەرامبەر دەربڕێت، بەڵام بەرامبەر بەوە نامورتاح ئەبێت چونکە بەبێ هەوڵدان ئەو هەستەی دەسەکەوێ، بۆیە هەموکات پێویستە خۆت لە نارەحەتی و نامورتاحیەکی کەما بهێڵیتەوە و هەستێکی

کەم بە شاراوەی بهێڵیتەوە و کەم کەم بە غامزی دەربیبڕی، ئاوا هەم هەستەکەت دەرەبڕی هەم بە کەمی دەریەبڕی نرخی لای بەرامبەر زیاترەبیَ.

بە دەرنەبڕینی هەموو هەستەکانت نارەحەتیەکی کەمت بۆ دروست دەبێت، بەڵام نرخی زیاترە.

**باسێك دەربارەی عەشقی خودا و خۆشویستنی ڕاستەقینە لە دڵەوە.**

لە دکتۆرێکم پرسی "عەشق چییە؟"

وتی: "من رووبەڕووی ئەم نەخۆشیە نەبوومەتەوە".

لە مامۆستایەکم پرسی: عەشق چییە؟

وتی: "من لەم پۆلە دەرنەچووم".

لە شۆفێرێکم پرسی: عەشق چییە؟

وتی: "من بەم ڕێگایە نەڕۆشتم".

لە منداڵێکم پرسی: خۆشەویستی چییە؟

وتی: من ئەم یاریەم نەکردووە.

لە کۆتاییدا لە شێتێکم پرسی: عەشق چییە؟

وتی: ئەمەیە کە منی هێنایتە ئەم بارودۆخە.

عەشق چییە؟ خۆشەویستی چییە؟ عەشقی خودا چییە؟ هۆگربوون چییە؟ کام هۆگرییە باشە؟

عەشـــق هەم دەردە و هەم دەرمـــانە، هەم نـــارەحەتیە و هەم چێـــژە، چێـــژبینینە لە نارەحەتیەکەش.

ڕابیعەی عەدەوی کە ئافرەتێکی خواناس و عـــاریف بـــووە، لێـــی ئەپرســـن "خـــوات خۆشەوێ؟" لەکاتی وەڵامدانەوە کە دەڵێت "بەڵێ زۆر زۆریش" فرمێسك بە چاوەکانیـا یەتە خوارەوە.

پاشـان لێـی ئەپرسـن "ئەی چەنـێ ڕقـت لە شــەیتانە؟" ئەڵــێ "دڵێــك کە پــڕ بــووە لە خۆشەویستی خـوا کەی شـوێنی ڕقـی تیـا مـاوەتەوە کەی سـەر ئەوەی ئەپەرەژێ بیـر لە ڕق و شەیتان بکاتەوە".

هەر دەربـــــــارەی ڕابـــــیعەی عەدەوی دەگێـڕنەوە، چەنـد جارێـك دزێك ئەچێـتە سەرماڵیان بۆ دزینی خشڵ و زێـر و پـارە، هەرجارێـك ئەچـێ هەسـتەكات كە ڕابـیعە نەخەوتووە و بەردەوام خەریكـی عیبـادەت و پاڕانەوە و نوێژكردنە، بۆ شـەوی پێـنجەم و شەشـــەم دزەكە ئەچێـتە مـاڵەكە و لێــی ئەپرسـێت، تـۆ بـۆچی تـا ئەم كاتـانە هەر بەخەبەریت و ناخەویت؟

ئەویـــش وەڵامەداتەوە و پێـــی ئەڵــێ تـــۆ خۆشەویستیت بۆ بەدەستهێنانی چەند پارچە ئاڵتونێك ئامـادەی تـا ئەم كـاتە نەخەویـت، مـن بـۆ بەدەسـتهێنانی ڕەزامەنـدی خـودا و

خۆشەویستی خـوا کە خـاوەنی ئەم پـارچە ئاڵتونـانە و هەمـوو جیهـانە، چـۆن ئەتـوانم بخەوم.

عاریفەکان بەو جۆرە خوایان خۆشویستووە و لە دڵەوە هەسـتیان پێکـردووە، نەك تەنهـا بە دەم زیکـر بــکەن و بە دڵ ئاگایــان لە خوا نەبێت.

مـرۆڤ کاتێـك دەگـاتە ئەو ئاســتەی کە خوای خۆشبوێت و بگاتە ڕادەی عەشـق و هــــۆگری ئەوکـــــاتە بەتەواوی دەگـــــاتە خواناســـــــی و چێـــــژ لە عیبـــــــادەت و پەرستشەکان دەبینێت.

خۆشەویستی هەستێکی ئاسایيە و واتای ئەوەیە تۆ بەهۆی ئەو کەسە یا ئەو شتەی کە خۆشتەویێ هەست بە خۆشی ئەکەیت و پێی دڵخۆشەبیت، بەڵام عەشق پلەیەکە زۆر لە خۆشەویستی گەورەترە، لە عەشقا ئینسان ئەگاتە ئەو ڕادەیەی کە لەبەر مەعشوقەکەی ئیدی خۆی بیرەچێتەوە، هەر کارێك بە عەشقەوە بکرێت تەواوی جەستە و مێشك خۆی بۆ یەکلا ئەکاتەوە، مورتاحی بە کردنی، بەڵام کارێکیش ئەگەر بە عەشقەوە نەیکەیت کردنەکەشی وەك ئەوە وایە بە زۆر پێت بکەن، بۆیە لەزەتی لێ وەرناگریت.

یەکێك لە شێخەکان ئەڵێ "ئەو کەسەی کە بە عەشقی مەجازی واتە عەشقی دنیای تێپەڕیبێت ئەوە باشتر لە عەشقی خوا تێدەگات"

ڕۆژێك لە برادەرێکم پرسی باشە ئەگەر پێنج فەرزە نوێژەکە نوێژی بەیانی تیا نەبوایە و بڵێین نوێژی بەیانی ئەگەر نەیشیکەیت گوناحبار نابیت، ئەیکەی یان نا؟ وتی وەڵا خەوەکە خۆشترە.

ئەگەر بە تەواوی لە مانای نوێژ تێبگەیت و بزانیت کە نوێژ چییە و بۆ کێیە، ئەوکات بە تامەزرۆییەوە چاوەڕێی کاتی نوێژ

دەکەیت، نەك حەزبکەیت زوو تەواو بێت و بچیتەوە بەلای کارەکانتەوە.

## جیاوازی نێوان خواپەرست و خواناس

خواپەرست کە کۆتای وشەکە پەرستنە پەرستن کارە، واتە تۆ کارێك ئەنجام دەدەیت کە پەرستنی خوایە، عادەتی ئینسانیش وایە ئەنجامدانی کاری پێ قورسە، بەڵام خواناس کۆتای وشەکە ناسینە، واتە تۆ خوا ئەناسی، قسەکە لەسەر ئەوەیە تۆ گەیشتووی بە ناسینی زاتێك کە خاوەنی هەموو گەردوونە، دەسەڵاتی لەسەرووی هەموو کەسێکەوەیە، دەسەڵاتی بەسەر دڵی هەموو کەسێکدا هەیە،

ئەتوانێت هەموو داواکاریەکانت بۆ بێنێتەدی، ناسینی ئەم زاتە ئەبێ چ هەستێك بێت، ئایە ئەگەر بەڕاستی بیناسی و خۆشتبوێ، فەرمانت پێبکا بە نوێژ یا عیبادەتەکانی تر ئەبێ چەند بە چێژەوە بیکەیت؟ بێگومان ئەگەر خاوەنی فەرمانەکە کە خوای گەورەیە بیناسیت و خۆشتبوێت فەرمانەکانی بە چێژەوە جێبەجێ دەکەیت، تەنانەت ئەگەر توشی نارەحەتی و ئازاریش ببیت چێژ لە نارەحەتیەکەش ئەبینیت، چونکە ئەزانی لەپێناو کێدا کردووتە.

ئینسان کە گەشتە ئەو ڕادەیـی عەشـقی بـۆ خـوا هەبێـت و بەڕاسـتی لە دڵەوە خۆشـی بوێـــت، بە ناڕەحەتیەکانیشـــی هەر لەزەت وەرەگرێـت، چـونکە ئەزانـێ ئەنجـامەکەی هەر پاداشـــــــتە، چێـــــــژ لە بینینـــــــــی دروستکراوەکانیشی ئەبینێت چونکە بەهۆی ئەوەوە خوای بیرەکەوێتەوە.

لەوانەیە ئەوەت بیسـتبێ کە دەڵـێن چـوونە سەیران و گەشـت و تێڕامـان لە دەشـت و شــاخ و سروشــت جـۆرێکە لە عیبـادەت، بۆچی؟

بە تێڕامـان لە دەشـت و شـاخ و سروشـت ئەوەت بیــرەکەوێتەوە کە کــێ دروســتی

کــردووه، بــۆیه بەردەوام خــوا لە یــاد و مێشکتا ئەمێنێتەوە و لێی غافڵ نابیت.

کاتێك کەسێك کەسێکی تری خۆشـەوێ، کارێکی ئەو کەسە دەبینێت بـۆ نمـونە ئەو کەسـە وێنەیەکـی دروسـتکردووە، وەسـفی وێنەکە ئەکا، خۆی لە ڕاسـتیا وەسـفکردنی وێــنەکە واتــای ئەوەیە کە ئەو کەســەی دروسـتی کـردووە وەسـفەکە بـۆ ئەوە نەك خـودی وێـنەکە، بەڵام بەهـۆی وێـنەکەوە دروستکارەکەیت بیرکەوتۆتەوە.

## هۆگری بۆ خوا باشترین جۆری هۆگرییە

شارەزایانی بواری دەروونـی و کۆمەڵناسـی هەمووکات هۆگری بە خراپ باس دەکەن چونکە مـرۆڤ وا لێـدەکات کە دەروونـی تێکبچێت و لە بـارودۆخێکی نائـارام بـژی، بەڵام تـاکە هـۆگرییەك کە دروسـتبێت لەم دنیـا و لەو دنیـاش پاداشـتی لەسـەربێت، هۆگربوونە بە خوا.

تـاکە هۆگربـوونە کە پاداشـتی ئەو دنیـای لەسـەرە و لەم دنیـاش مـرۆڤ ئاسـودە دەکات چونکە تاکە هۆگربوونە ئەوەی کە هۆگری بوویت تا زیـاتر هـۆگری بیـت و بەرەو ئەو بچیت ئەو زیـاتر و زیـاتر بەرەو

تۆ دێت تا زیاتر هەوڵی ڕازیکردنی بدەیت ئەو زیاتر داواکاریت جێبەجێ دەکات و لەو دنیاش پاداشتت ئەداتەوە.

بەپێچەوانەی هۆگری کەسی دنیا کە بزانێ هۆگری بووی زیاتر دوورەکەوێتەوە بزانێ هەوڵی ڕازیکردنی ئەدەیت زیاتر هەوڵی دوورکەوتنەوە دەدات.

ئەگەر ترسان لە خوا وات لێبکا کە گوناح نەکەیت، خۆشویستنی خوا وات لێ ئەکا لە دڵیشەوە حەز بە گوناح نەکەیت، خۆشویستنی خوا وات لێ ئەکا چێژ لە گوناح نەبینی.

ئەو کەسەی خۆشتەوێ ئەگەر بڵێن لە مەجلیسێکا باسی کردووی بە چاکە هەست چۆنە؟ بڵێن یادی کردووی؟

خوای گەورە خۆی ئەفەرموێ کە ئەگەر یادم بکەن یادتان دەکەم، لە مەجلیسێکا باسم بکەن لە مەجلیسی مەلایکەت باستان دەکەم.

**ئەو کەسەی گەشتبێتە عەشقی خوا چاکەی هەموو کەسێکی ئەوێت.**

عاریف ئەیوت ئەگەر کەسێك زەمم بکات یا لە شوێنێك بە خراپە باسم بکات، هەموو ئەو دوعایەی من لێی ئەکەم ئەوەیە

ئەڵێم خوایە وای لێبکەیت بە یادی خۆتەوە مەشغوڵ بێت، چونکە کەسێك بە یادی خواوە مەشغوڵ بێت ناپەرژێتە سەر ئەوەی باسی کەس بکات.

**خوێندکارێك وتی ئەمەوێ خەو بە پێغەمبەرەوە ببینم**

ئەگێڕنەوە خوێندکارێك ئەچێتە لای مامۆستاکەی، پێی ئەڵێ "مامۆستا ئەمەوێ خەو بە پێغەمبەرەوە ببینم؟ چیبکەم بۆئەوەی خەوی پێوە ببینم زۆر حەز بە بینینی دەکەم"

مامۆستاکەشی ئەڵێ زۆرباشە ئەم ئێوارە دەعوەتی منی لێرە بمێنەرەوە پتەڵێم چیبکەیت تا خەوی پێوە ببینیت.

ئێوارە مامۆستاکە خواردنێکی زۆر سوێری بۆ ئامادە دەکات و لەسەر سفرەکە ئاو دانانێت، خوێندکارەکە دەس بە خواردن دەکات و تیونێتی زۆری بۆ ئەهێنێ داوای ئاو دەکات، مامۆستاکەی ئەڵێ نابێ ئاو بخۆیتەوە، تا ئەخەویت و لە خەو هەڵەستیت، ئیدی خوێندکارەکە بە تامەزرۆی قومێك ئاوەوە خەوی لێ ئەکەوێت، و بۆ بەیانی هەڵەسێ لە خەو،

مامۆستاکەی لێی ئەپرسێ، ئەمشەو خەوت بەچیەوە بینی؟

خوێندکارەکە دەڵێت، لەخەوما لای کانیەك ئاوی سازگاربووم و ئاوم ئەخواردەوە.

ئینجا مامۆستا حیکمەتی ئەو خواردنە سوێرەی بۆ ڕون ئەکاتەوە کە ئێوارە پێیدا و نەیهێشت ئاو بخواتەوە، پێی ئەڵێت، کاتێ تۆ خواردنە سوێرەکەت خوارد دوای ئەوە بە دڵ تامەزرۆی پەرداخێ ئاو بوویت خواردنەوەی پەرداخێ ئاو هەموو مێشك و دڵی داگیرکردبووی کاتێ من لەکاتێکا بەخەبەریت خواردنەوەی ئاوم لێ

قەدەغەکردبووی، تۆ لە خەودا گەیشتی بە ئامانجەکەت و ئاوت خواردەوە چونکە لەکاتێکا بەخەبەربوویت بەردەوام دڵ و مێشکت لای ئاو بووە نەك تەنها بە دەم باسی ئاو بکەیت، هەر لەبەرئەوە لە خەودا بینیت.

ئەگەر ئەتەوێت خەو بە پێغەمبەرەوە ببینیت تەنها ئەوە نییە کە بە دەم سەڵاوات بدەیت و بڵێی پێغەمبەرم خۆشەوێ، بەڵکو ئەبێت بە کردار بە دڵ و مێشك بینینی پێغەمبەر مێشکت داگیربکات و بەردەوام لە بیرکردنەوەتا بێت.

زیکــر و ســەڵاوات هەر بە دەم یــا بە دڵ باشە؟

تەبعەن بە دەمیش لە مەشغولبوون بە شتی تر باشترە، بەڵام کـاتێ کـارەکە چـووە دڵ ئەنجـامی دەبینیـت، چـونکە هەر شـتێك بە دڵ بکرێـــــت بە عەشـــــقەوە ئەکرێـــــت، عەشقیش پلەیەکە بەرزترە لە خۆشەویستی بۆیە هەر شـتێك بە عەشـقەوە کـردت ئەوە بەڕاستی مەبەستە و ئەتەوێت پێی بگەیت.

ئەمەش دیسان لە پەیوەندی دوو ڕەگەز یـا پەیوەنـــــدی یەك لایەنەش هەر ڕووئەدات زۆرجـار کەسێك چەنـدین جـار خەو بەو کەسـەوە دەبینێـت کە خۆشـیەوێ، چـونکە

لەکاتی بێداریدا خۆشەویستی ئەو کەسە دڵ و مێشکی داگیرکردووە بۆیە ئەو حەزەی کە بۆ بینینی هەیەتی شەو لە خەودا دائەمرکێتەوە.

هەر دەربارەی ئەوەی کە ئەتەوێ ئەگەر بە دڵ بتەوێ لە دنیاش نەتوانی پێی بگەی بە خەو پێی ئەگەیت، کەسێك وتی کەسێکی نزیکم کۆچی دوای کردبوو، زۆر بێتاقەت بووم دڵم پڕبوو لە دڵەوە داوام لە خوا کرد کە لە خەودا ببینم، زۆر تامەزرۆی بووم، شەو لە خەودا بینیم.

## دەربارەی دوعا و پاڕانەوە

کاتێــك پێویســتیەکت ئەبێــت، کاتێــك کەســێك غەدرت لــێ ئەکــا، کاتێــك داواکاریەکت هەیە کە نزیکە لە مەحاڵەوە، کاتێـك ئەتەوێـت کارێـك بە ویسـتی تـۆ بێت...

بۆ هەموو ئەمـانە پەنـا ئەبەیـتە بەر چەنـدین ڕێگا، کەس، خاوەن دەسـەڵات، بەرپـرس، بەڕێوبەر... کە لە هەموویان نائومێـد بویـت ئینجــــا دەســــدەکەیت بە دوعــــاکردن، لەکاتێکدا دوعا کردن داواکردنە لە زاتێـك کە دەسـەڵاتی بەسـەر هەمـوو شـتێك و هەمــوو گەردوونــدا هەیە، لە هەموویــان

گەورەتـــرە، لە هەمـــووان بە دەســـەڵاتترە، لەگەڵ ئەوەشـــدا لە هەمـــووان زیـــاتر لێـــت نزیکە، واستەی ناوێ، نایەوێ پێشتر کـاتی بۆ دابنێیت تا بچیتەلای، نایەوێ شـەهادەت بەرزبێـت تـا داواکـاریەکەت بـۆ جێبەجـێ بکات.

لەگەڵ ئەوەشـــدا هەنـــدێ دوعـــا و دوعـــای هەندێك کەس بە زووی وەڵام ئەدرێـتەوە، هەنـــدێ کەســـیش دەڵـێن دوعامـــان قبـــوڵ نابێت، ئایە هۆکاری ئەمە چییە؟

لێرەدا باسی کۆمەڵێك هۆکار دەکەیـن، لە گرنگترینیان باوەڕێکی ناتەواو، گومانکردنە لە دەســـەڵاتی خـــودا، ئەمـــانە و چەنـــد

هۆکارێکی تر وا ئەکا کە دوعاکـان وەڵام نەدرێــنەوە، بێگومــان هەنــدێ دوعــاش وەڵامــدانەوەی دوائەکەوێــت کە ئەویــش حیکمەتی خۆی تێدایە.

## بۆچی هەندێ جار دوعاکان گیرا نابن؟

ڕەنــگە ئەوە پرســیاربێت لەلات کە بــۆ هەنــدێ جــار دوعاکانمــان گیــرا نــابن لەکاتێکــــا کە زۆربەی مەرجەکانیشـــمان تێدایە، لە گرنگترین کاتەکـانیش دوعامـان کردووە، تەنانەت ڕەنگە بڵێی لەلای کەعبە دوعام کـردووە کە ڕەتبـوونەوەی نیـیە، یـا نێوان نوێژ و قامەت، یا سێیەکی شـەو کە ئەم کاتــانە دوعــا تێیــدا قبــوڵە و ڕەت

ناکرێتەوە، ئەی بۆ هەندێ لە دوعاکانمان گیرا نابن؟!

بۆ ئەوەی مرۆڤ لە هەوڵدان نەوەستێت، بۆ ئەوەی یەقینی هەبێت.

خوای گەورە نایەوێت موسوڵمان فێری تەمەڵی و پاڵدانەوە ببێت بە دوعا هەموو شتێکی بۆ بێتەدی، بەڵێ دوعاکردن عیبادەتە و قەدەریش دەگۆڕێت، بەڵام پێش دوعاکردن هەوڵدان هەیە، هەوڵدان کارکردنە لەگەڵ یاساکانی سروشت و ژیان (یاساکانی فیزیا لە ژیان)، دوعاکردن پیشاندانی بێئومێدبوونە لە هۆکارەکانی دنیا و خۆدانە دەس خودا، خوداش لە قورئاندا

پێمـان ئەفەرمـوێ یەکەمجـار هەوڵ بـدەن، هیچ شتێك بۆ ئینسان بەدی نـایەت ئـیلا بە هەوڵـدان نەبێـت، سـەیری سـورەتی نەجـم ئایەتی **39** بکە (وأن لیس للإنسـان إلا مـا سعی).

واتە: ئادەمیزاد خاوەنی هیچ شتێك نییە ئیلا ئەوە نەبێت کە هەوڵی بۆداوە.

لە ئـایەتێکی تـردا لەگەڵ هەوڵـدان فێـری پێشبڕکێمان دەکات.

سـەیری سـورەتی ال عمـران ئـایەتی ۱۳۳ بکە

وَسَارِعُوا إِلَىٰ مَغْفِرَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا السَّمَاوَاتُ وَالْأَرْضُ أُعِدَّتْ لِلْمُتَّقِينَ

واتە: بەپەلە بن و پێشبڕکێ بکەن تا دەگەنە لێخۆشبوونی پەروەردگارتان و بەهەشتێك کە پانایيەکەی ئاسمان و زەوی گرتۆتەوەو ئامادە کراوە بۆ پارێزکاران.

جگە لەم دوو ئایەتە چەندین ئایەت و فەرموودەی تر هەیە کە تەئکید لەسەر هەوڵدان دەکەنەوە، واتە ناکرێ هەوڵدان پشتگوێ بخەیت و بتەوێت تەنها بە دوعاکردن هەموو شتێکت بۆ ببێت، لە حاڵەتێکدا ئەگەر هەوڵدان پشتگوێ

بخەیــت و تەنهــا دوعــا بکەیــت، لەوانەیە تەنها پاداشتی دوعاکەت بۆ بنوسـرێت نەك ئەوەی ئەتەوێت و داوات کردووە.

## کـاریگەری بـاوەڕ و یەقـین لە قبوڵبـوونی دوعا

بۆ قبوڵبوونی دوعا و پـاڕانەوە چەنـد مەرج و کات و شـوێنێك هەیە، بەڵام یەکێـك لە سـەرەکیترین مەرجەکـان بـوونی بـاوەڕە، باوەڕ تەنها ئەوە نییە بڵێی مـن بـاوەڕم بەوە هەیە کە خــوا بەدەســەڵات و دوعاکــانم قبوڵ ئەکات، باوەڕ و یەقین واتە لە نـاخی دڵەوە هەست بەوە بکەیـت کە دوعـاکەت قبـوڵ ئەبێـت، لەنـاخی دڵەوە هەسـت بەوە

بکەیـــت کە داوا لە زاتێـــك دەکەیـــت کە دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

کاتێـك دوعـا بـۆ شـتێك دەکەیـت، بەڵام دەنگێك لە نـاخەوە پێـت بڵـێ ئەسـتەمە یـا قورسە، ئەوە واتە هێشتا باوەڕت تەواو نیـیە و گومانت لە دەسەڵاتی خوا هەیە.

لەوانەیە گوێت لەو قسەیە بووبێ کە دەڵێن "دوعـای شـێت یـا منـاڵ گیـرایە"، بـۆچی دوعای ئەو دوانە گیرایە؟

ئەو دوو کەسە لە دڵەوە بـاوەڕی تەواویـان هەیە بە دەســـەڵاتی خـــوا و دەزانـــن کە هەموو شتێك لە دەسەڵاتی ئەودایە، چونکە

ئەو دوو کەسە (شێت و منداڵ)، باوەڕێکی تەواویان هەیە کە دەسەڵاتی خوا لەسەرووی هەموو یاسا دنیایەکانەوەیە.

## یاساکانی ژیان بۆ کێ فەرامۆش ئەکرێ؟

یاساکانی ژیان چەندین یاسان کە بەشێکیان فیزیا پێناسەی کردووە و لێکۆڵینەوەی لێ دەکا بۆیە زۆرجار بە یاساکانی فیزیا ناودەبرێت، ئەم یاسایانە ڕۆڵیان هەیە لە سروشتدا، بۆ نمونە یاسای کێشکردن، یاسای لێکخشاندن، یاسای خێرایی، یاسای پەستان... هتد.

هەریەکە لەم یاسـایانە کە زاناکـان لێکۆڵینەوەیان لێکردووە و ناویان بۆ داناوە، تا بگەن بە زانستی زیاتر و لێکۆڵینەوەی زیاتر بکەن، خوای گەورە ئەم یاسایانەی بۆ ژیانی ئێمە جێگیرکردووە و قابیلی گۆڕین نییە، ئیلا بۆ کەسانێك ئەکرێ گۆڕانکاری تیابکات، ئەویش کەسانێکن کە بە ئەولیا و پیاوچاکـان ناسـراون، بۆ ئەوان و بە دوعای ئەوان ئەکرێ یەکێك لەم یاسایانە یا زیاتر ڕەتبکرێتەوە تەنها بەهۆی دوعای پیاوچاکێکەوە یان تەنها بەهۆی داواکاری پیاوچاکێکەوە لە دڵەوە واتە تەنهـا بەوەی کە ئەیەوێ، کە ئەوە

ئـــێمە پێـــی دەڵێـــین کەرامـــات واتە دەسـەڵاتێکی لە دەرەوەی سـنوری ئاسـایی مـرۆڤە، کـارێکە مرۆڤـی ئاسـایی ناتوانێـت بیکـات، تەنهـا پیـاو چاکـان دەتـوانن ئەو کـارانە بـکەن، بـۆ پیاوچاکـان پێـی دەڵـێن کەرامات و بۆ پێغەمبەران ئەو توانایانە پێی دەوترێت موعجیزە.

ئەگێڕنەوە لە گوندێك پیاوچاکێـك هەبـوو، لەو گونـدە ڕۆژێـك منداڵێـك لە سـەربانەی ماڵەکەیان ئەکەوێتە خـوارەوە چەنـد پێـیەك پـێش ئەوەی بگـاتە زەوی منـاڵەکە زۆر بە خاوی ئەکەوێتە سەر زەوییەکە، لەو کاتەدا

کەسێك گوێی لێ ئەبێت کە پیاوچاکەکە ئەڵێ (یا الله فریایکەوە).

ئەمە دوعایەکی ئەو پیاوچاکە بوو کە نە ئامادەکاری بۆ کردبوو نە زیکری تایبەتی بۆخوێندبوو، بەڵام دوعاکە لە دڵیەوە بوو، یەقینی هەبووە کە لای خوا زۆر ئاسانە کە فریای مناڵەکە بکەوێ.

لەم نمـــــونەوە دەرەکەوێ کە ئەوەی لای ئـێمە مەحـاڵە لای خـۆ زۆر ئاسـانە، بـۆ پیاوچاکان خـوای گەورە یاساکانی ژیـانی بـۆ ڕەت ئەکـاتەوە، لەم نمـونە یاسـایەکی سـەرەکی فیزیـا کە کێشـکردن بـوو،

فەرامۆشـــــکرا لەبەر هـــــاتنەدی ئـــــاواتی پیاوچاکێك.

## موڵکی خوا بێ سنورە و کەم ناکات

ئەگێڕنەوە لە بەنی ئیسرائیل کەسـێك دوعـا ئەکات ئەڵێ خوایە ئەو شـاخەم بـۆ بـکەی بە ئـــاڵتوون، لە دوعـــاکەی تەواو ئەبـــێ و ئەبینـێ شـاخەکە بـووە بە ئـاڵتوون، توشـی سەرسـوڕمان دەبێـت، و لای وایە کە ئەمە داواکاریەکی زۆر قورس بووە کە لە خـوا داوای کـــردووە، کە شـــاخەکە ئەبینـــێ و ئەزانێ خوا دەسەڵاتی زۆرە، دوعایەکی تر ئەکا و ئەڵـێ خـوایە ئەوەی دوعـا ئەکـا و

داوای شـــتی کەم ئەکـــا چـــاوی کـــوێر بکەیت، لەویا خۆی چاوی کوێر ئەبێت.

لەم نمونەوە تێدەگەین کە موڵکی خوا بـێ سنورە و ئەوەی تۆ پێـت وایە زۆر قورسـە لای خوا زۆر ئاسانە کە بۆت بێنێتەدی.

**ئـایە تـا چەنـد باوەڕمـان بە فەرمـودە و ئایەتەکانی قورئان هەیە؟**

یەقـــــین و بـــــاوەڕی تەواو بەوەی کە دوعاکانــت وەڵام دەدرێــتەوە یەکــێکە لە مەرجەکـــانی قبوڵبـــوونی دوعـــا، بەس پرســیارەکە لەوەدایە ئــێمە تــا چ ڕادەیەك

باوەڕی تەواومان هەیە بە فەرمودە و ئەو ئایەتانەی کە باسی دوعا دەکات؟

ڕەنگە زۆربەمان بە دەم بڵێین بڕوای تەواومان پێیەتی بەتایبەت باوەڕ بە ئایەتەکانی قورئان چونکە نەبوونی باوەڕ بە یەکێك لە ئایەتەکان و ڕەتکردنەوەی کوفرە، بەڵام ئایە بە دڵ و کردەوە بڕوامان هەیە؟

بۆچی هەندێ لە دوعاکان هەر گیرا نابن؟

وەك لە پێشتر باسکرا دوعا جگە لەوەی عیبادەتێکە، بە سێ شێوە هەر قبوڵ دەبێت، یا لەم دنیا، یا لەو دنیا، یا بە ئەندازەی

دوعـاکە لە بەڵا دور ئەبیـت، بەڵام لەوانەیە بپرسـیت بـۆچی لەم دنیـا دوعاکـانم قبـوڵ نابێت.

هەنـــدێ جـــار گیرابـــوونی دوعـــا بە ناڕاستەوخۆ ئەنجامەکەی دەبینیـت، هەنـدێ جـاریش پێویســتە هۆکارێـك هەبێـت کە بیگریتەبەر تا ئەنجامەکەی ببینیت.

بۆ نمونە دوو تیپی تۆپی پێ سـبەی یاریـان هەیە پێکەوە، تیپێکیـان ئاسـتیان زۆر لاوازە و تیپێکیشیان ئاستیان زۆر بەرزە، ئەو تیپەی کە ئاســتیان لاوازە یاریزانەکــانی شــەوێ پــێش یــاریەکە دوعــا ئەکەن کە یــاریەکە ببەنەوە و هەمـوو مەرج و کـات و شـوێنی

دوعاکانیشـــیان تێـــدایە، بەڵام ئەو تیـــپە یاریەکە دەبـاتەوە کە ئاسـتیان بەرزە، یـا بە جۆرێکی تر شەوی پێش یارییەکە هەردوو تیپەکە یاریزانەکانیان دوعا ئەکەن یـاریەکە ببەنەوە، ئایە دوعای کامیان گیرایە؟!

بـۆ وەڵامـی ئەو پرسـیارە دەڵێـین ئەو تیـپە یــاریەکە دەبــاتەوە کە ئاســتی بەرزتــرە، بۆچی؟

چـونکە ئاسـت پەیوەنـدی بە هەوڵـدانەوە هەیە، کـــام تیپەیـــان زیـــاتر خـــۆی مانــدووکردبێت و هەوڵێــدابێت، ئاســتی بەرزتربووە و ئەو دەیباتەوە، لێرەدا بابەتەکە پەیوەنـــدی بە هەوڵـــدانەوە هەیە مـــادەم

هەوڵـــــدان لە توانـــــای خۆتـــــا هەیە و هۆکارەکانــت بــۆ فەراهەمکــراوە، کەواتە ناکرێ بە ئیسراحەت لێی دانیشـیت و تیپـی بەرامبەر بەردەوام ڕاهێنان بـکەن، بەڵام تـۆ بتەوێ بە دوعایەك یاریەکە ببەیتەوە.

## تاقیکردنەوەی دوعا بە واتای گومان دێت

هەندێ کەس لەکاتی دوعاکردن خوا تاقی دەکەنەوە ئەڵـێن بـزانین دوعاکانمـان گیـرا دەکات، بۆ نمونە لەو کاتەی دوعا گیرایە، و دوعـــا دەکـــات و پێویســـتیەکی هەیە، لەگەڵ دوعاکەشـدا دوعـا بـۆ شـتێکی تـر ئەکـــات کە دەســـکەوتنی ئاســـانترە و ئەیەوێـت لە مـاوەکەی کەم ئەنجـامەکەی

ببینێت، ئەم دوعایەیان بۆ ئەوە ئەکا ئەڵێ ئەگەر ئەمە گیرابێت ئەوەی تریشم گیرا دەبێت، ئەم بیرکردنەوە جۆرێکە لە گومان بۆیە پێویستە خۆتی لێ بەدور بگریت.

دوورکەوەرەوە لە گومان و یەقینت هەبێت

تەنها ئەوە بزانە تۆ داوا لە کێ دەکەیت؟!

ئەو کات و شوێنانەی کە دوعا تێیدا ڕەت ناکرێتەوە.

دوعاکردن لە هەر کاتێك و هەر شوێنێك بێت عیبادەتە و یەکێکە لە گەورەترین عیبادەتەکان و کاریگەرترین عیبادەتیشە بۆ نزیکبوونەوە لە خودا، بەڵام چەند کات و

شـوێنێك هەیە کە ئەکـرێ زیـاتر دوعـای تیـابکرێ چـونکە بە بەڵـگەی فەرمـوودە و ئەزموونکردن ئەو کات و شوێنانە دوعـای تیا ڕەتناکرێتەوە، ئەوانیش ئەمانەن:

**1-** سێیەکی شەو (هەموو شـەوێك): لەم کـاتەدا خـوای گەورە خـۆی دادەبەزێـتە ئاســـمان یەکەم واتە ئاســـمانەی دنیـــا و دەفەرموێ چ بەندەیەك هەیە داواکـاریەکی هەبێ و بـۆی جێبەجـێ بـکەم، لەم کـاتەدا دوعا ڕەت ناکرێتەوە.

کـاتەکەی بەو جـۆرە دیـاری دەکرێـت، دوای نوێژی عیشا تا بـانگی بەیـانی چەنـد سەعات دەکات دواتر دابەشی **3** ئەکەیت،

چەند دەرچوو واتە ئەوەنە سەعات پێش نوێژی بەیانی دەکات، کە بە نزیکەی سەعاتێك پێش نوێژی بەیانی دەکات.

**2-** کۆتا کاتژمێری ڕۆژی هەینی: ئەم کاتە زۆر تەجروبەکراوە و یەکێکە لەو کاتانەی کە هەر دوعایەکی تیابکەیت ڕەت ناکرێتەوە، کە کاتەکەی لە دوای نوێژی عەسرە تا بانگی مەغریب و باشترین کاتیش سەعاتێك پێش بانگی مەغریبە.

یەکێکە لە پیاوچاکان دەڵێت لەو کاتەدا هەر دوعایەکم کردبێت قبوڵ بووە، هەتا وام لێهاتووە شەرمم کردووە.

**3ـ** نێوان بانـگ و قـامەت: ئەم کـاتەش یەکێکی ترە لەو کاتـانەی کە دوعـا تیایـدا قبـوڵە و ڕەت نـاکرێتەوە، دوای ئەوەی کە بـانگی نـوێژە فەرزەکـان تەواو دەبێـت بـۆ هەر نوێژێـــك بە نزیکەیـــی پێـــنج بـــۆ دە خولەك ئەوەستیت تـا قـامەت ئەکـرێ، ئەو نێوانە دوعا تیا قبوڵە و ڕەت ناکرێتەوە.

**4ـ** کــاتی بــاران بــارین: ئەم کــاتەش یەکێکی تـرە لەو کاتـانەی کە دوعـای تیـا قبوڵە.

**5ـ** دوعـا لە سـەفەردا: یەکێکـی تـر لەو کاتـانەی دواى تیـا قبـوڵە ئەو کـاتەیە کە ئەچیـت بـۆ سـەفەر بـۆ دەرەوەی شـاری

خـــۆت و بەپێـــی کەلتـــور بەو دەرچـــونە بوترێت سەفەر.

**6ـ** لەلای کەعـــبە: نزیکـــی کەعـــبە و بەردەڕەشـــەکە ئەو شـــوێنەیە کە دوعـــا تیـــا قبوڵە.

شێوازی دوعاکردن

پێویستە پێش و پـاش دوعاکـان سـەڵاوات بـــدەیت، باشـــترین ســـەڵاواتیش ســـەڵاواتی ئیبـــراهیمییە کە زۆرجـــار ئەم ســـەڵاواتە بە موعجیزە ناوبراوە بۆ گیرابوونی دوعا.

سەڵاواتەکەش بەم جۆرەیە

اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ, كَمَا صَلَّيْتَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ وَعَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ, إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ, اللَّهُمَّ بَارِكْ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ كَمَا بَارَكْتَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ وَعَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ, إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ

پاش سەڵاوات زیکرێك هەیە بۆ کردنەوەی دەرگای ئاسمانەکان کە ئەم زیکرەیە.

اللَّهُ أَكْبَرُ كَبِيرًا، وَالْحَمْدُ لِلَّهِ كَثِيرًا، وَسُبْحَانَ اللَّهِ بُكْرَةً وَأَصِيلًا

دواتر **3** جار ئەم دوعا ئەکەیت

لا إله إلا أنت سبحانك إني كنت من الظالمين

دواتـر **10** جـار سـبحان اللـه، **10** جـار الحمد لله، **10** جار الله أكبر

دواتـــر ئەوەی ئەتەوێـــت دوای بـــکە و لەکـاتی دوعـاکردن زۆر ناوەکـانی خـوا دوبارە بـکەرەوە و بە ناوەکـانی داوای لـێ بکە بەتایبەت ناوەکانی یا اللـە یـا حـي یـا قیوم یا ذا الجلال والإکرام

دواتـر لە کۆتایـدا جـارێکی تـر سـەڵاواتی ئیبراهیمی بڵێ.

**موناجات**

موناجـات واتە لە شـەوێکدا دابنیشـیت و ئەوەی بەسـەرت هـاتووە، ئەوەی ئەتەوێ

داوا لە خـوا بکەیـت، کاتێـك لە هەمـوو کەسێك و هەموو شتێك بێ ئومێد بوویت، کاتێك پێت وایە ئەوەی ئەتەوێت مەحاڵە، لەوکاتە باوەڕت وابێـت کە لای خـوا زۆر ئاسانە دابنیشیت و ڕازی دڵـت لەگەڵ خـوا باس بکەیت.

چەنـێ لە شـەوا بێدەسـەڵاتی و بچـوکی خـۆت پیشـانبدەی لە بەرامـبەر خـوا ئەوەنە زیاتر پێی گەورە ئەبی، عەکسەکەشـی هەر ڕاستە چەنێ خۆت بە گەورە بزانـی ئەوەنە زیاتر بچوك ئەبیتەوە.

کاتی ڕوودانی موعجیزە ئەزانن چییە.

ئەوەی لای تـۆ زۆر زۆر مەحـاڵە تاکیـدبە لای خـــوا زۆر ئاســـانە و بەجۆرێـــك حەلكراوە تۆ هەر تەسەورت نەکردووە.

هەزارەهـــا ئـــاوات و چیـــرۆك و مەحـــاڵ هەبـوون کەسـەکان وتویـانە لە شـەونوێژ و ئەو کاتەیا بۆمان حەل بووە.

بەم نمونە تێبگەن و دوای ئەمە دەسپێبکەن.

تۆ بۆ نمونە ئیشی دایرەیەکت هەیە و بۆت نـاکەن ئەڵـێن تەمەنەکەت شـمول ناکـا و ناکرێ و ئەوانە چی ئەکەیت ئەڵێـی بـزانم لێپرسراوی ئەم بەشـە لەڕێـی ناسـیاوێکمەوە پێی ئەڵێم... بە ئامۆزایەکت ئەڵێی ئەڵێ من

ئەیناسم خەم نەبێ سەیری ئەو قسە چەن خۆشە خەم نەبێ تەواو ئیشەکەت بۆ کراوە ئامۆزاکەت بە لێپرسراوەکە ئەڵێ ئەڵێ بەخوا ناکرێ... دەی دەی ئەگەڕێی یەکێکی تر ئەڵێ برادەرێکم هەیە مودیری دایرەکە ئەناسێ پێی ئەڵێ پێش ئەوەی پێی بڵێ تەواو دڵ مورتاح ئەبێ چونکە یەکێکت دۆزیوەتەوە مودیر ئەناسێ ئەشزانی کە مودیر دەسەڵاتی زیاترە لە لێپرسراوەکە.

تۆیش منیش ئەو و هەموومان پێویستیمان هەیە کێشەمان هەیە کەس نییە لەم دنیا لە ئیسراحەتا بژی... زۆرجار کێشەیەك

پێویستیەك بەنیسبەت خۆمانەوە زۆر گرانە بەس بە نیسبەت سەرووترەوە زۆر ئاسانە، دیقەت بدەن مناڵ خەریکی یاری میکانۆیە هەمـوو کێشـەکەی ئەوەیە دەی لای تـۆ ئاسانە... منالێك دەسی ناگات بە یاریەك دایبگرێ چی ئەکا دەس ئەکا بە گریان ئەو کێشەی ئەو حەلەکەی لای تۆ ئاسانە بە گریانەکە وات لێ ئەکا بۆی حەلکەی چونکە تۆ باڵات بەرزترە، ئەوەی لای ئەو زۆر قورس بوو لای تۆ زۆر ئاسان بوو، کە گریا بەزەیت پیا هاتەوە.

گەنجێك لەوانەیە هەموو پێویستیەکەی سەیارەیەك بێت بەس ئەمە بە نیسبەت

کەسێکەوە ئاسانە کە سێ چوار سەیارەی هەیە وایە؟

گەورەترین کێشەت هەبێ گەورەترین پێویستیت هەبێ گەورەترین موشکیلە ڕووی تێکردبێ لەوانەیە نەتوانی بۆ ڕەفیقەکەتی باسکەیت یا دایك و باوك یا مامۆستا لەوانەیە بۆیشی باسکەیت تەنها چەند دەقەیەك خۆتی پێ مورتاح بکەیت بەڵام چارەسەر لای ئەویش نەبێ، بەس خوا هەیە کە لە هەموو کەس بەدەسەڵاتترە و دەسەڵاتی هەیە بەسەر دڵی هەموو کەسێکا بە کەمتر لە چرکەیەك ئەوەی لای تۆ لە مەحاڵ مەحاڵترە ئەتوانێ بیکا، بۆی

باسبکە دانیشە وەك منداڵ بیانو بگرە تەنها دوعا مەکە قسە بکە بە دەنگێکی نزم، وەك منداڵ داوا بکا ئەها منداڵ کە دەسەڵاتی نامێنێ لە حەسرەتا دەسەکا بە گریان... بگری بە گریانەوە داوا بکە ئەگەر ئەزانن پاداشتی ئەوە چەن زۆرە جگە لەوەی وەڵا ئەوەی داوای ئەکەی ڕەت ناکرێتەوە.

## لە باسی ئافرەت و وەڵامی ڕەخنەکان

کاتێك ئافرەت ئەکەوێتە سوڕی مانگانە لەناو خۆمان واباوە ئەڵێن عوزری شەرعی هەیە، لەوکاتەیا تەنها شەرعە کە بە عوزر بۆی حسابەکات و هەموو تەکلیفێکی لەسەر هەڵەگرێت، لە دەوام بێت ناتوانێ

بیکـاتە ئیجـازە تەلەبە بێـت نـاتوانێ بڵـێ ئیمتیحان ناکەم مامۆستا بێت ناتوانێـت بڵـێ دەرز ناڵێمەوە، بەڵام لە دیندا لەو کاتەدا نە نوێژی لەسەرە نە ڕۆژوو.

## ئایە ئافرەت ناقس عەقڵە؟

هەنـــدێك كەس ڕەخـــنەی ئەوە ئەگـــرن عەلاســـاس دیـــن ســـوكایەتی بە ئـــافرەت كردووە و بە ناقص عەقڵ وەصـفی ئەكـا.. جا بزانین ئەمە سوكایەتییە؟!

ژیـــان تەواوكـــردنە، واتە بـــۆئەوەی ژیـــان بەڕێكەیـن ئەبـێ جوانیەكـانی یەكتـر تەواو بكەیـــن، ئـــافرەت لەڕووی فیســـیۆلۆجی و

سایکۆلۆژی و عەقڵ لەگەڵ نێر جیاوازن، بەڵام ئەم جیاوازییە بەمانای کەمی نایەت، بەڵکو بۆ مانەوەی سیفەتی ئافرەتە کە جوانی و ناسکییە، ئافرەت بە کۆمەڵێ سیفەت لە نێر جیائەکرێتەوە، لەوانە جوانی، هەست و سۆز، چەن سیفەتێکی تر... ئەگەر یەکێ لەم سیفەتانەی تیانەبێ ئەوکاتە لەوانەیە پێی بوترێت حاڵەتێکی کەموکوڕی هەیە، بە پێچەوانەوە ئەگەر سیفەتەکەی تیابوو ئەوە وشەکەی خۆی تەواو کردووە کە ئافرەتە، بۆ نمونە وەك ئەوە وایە بڵێین "ئافرەت ناقس دەنگە" واتە دەنگی گڕ نییە!! باشە ئەمە سوکایەتیە؟!

نەخێر نە سوکایەتییە نە کەمییە چونکە دەنگ ناسکی یەکێکە لە سیفەتەکنی ئەو ناکرێ دەنگی گڕ بێت بەپێچەوانەوە، حاڵەتە ناتەواوەکە ئەوەیە کە لەو بەشەدا ئەو زائید بێ بۆ نمونە دەنگی گڕ بێت، بە هەمان شێوە، عەقڵ مەبەست بیرکردنەوە وردی و هەڵسەنگاندنە کە تا ڕادەیەك ئاساییە ئافرەت ئەگەر وەك ڕەگەزی نێر وابێ لە بیرکردنەوە، بەڵام ناکرێ عەقڵ و بیرکردنەوەی زیاتربێ چونکە، بە زیادبوونی بیرکردنەوە مێشك زیاتر خۆی بە بیرکردنەوە خەریك دەکات و وزە و طاقەی لە بیرکردنەوە بەسەردەچێت، کە

ئەوە یەکێکە لە سیفەتەکانی نێر، بەڵام ئافرەت بە پێچەوانەوە، پێویستەکا ئەو وزەیەی هەیەتی زیاتر لە هەست و سۆزیا سەرفی بکا تا سیفەتەکانی ون نەکات.

بە نمونەیەکی سادە (ئەگەر شوبهاندنەکە گونجاو بێت)

دوو جۆر ئۆتۆمبێلمان هەیە، مەکینە یا تراکتۆر ئەوەی کە ئیشی فەلاحەتی پێ ئەکرێ، لەگەڵ سەیارەیەکی مارسیدز. هەموومان ئەزانین مەکینە دوو تایەی دواوەی زۆر گەورە و پتەوە، بەڵام مارسیدزەکە هەرچوار تایەکەی یەك ئاست و بچوکن.

ئایە ئەکرێ بڵێین بچوکی تایەکانی مارسیدز نیشانەی کەمیەتی؟!! یان بڵێین ادەم مارسیدز تایەکانی بە گەورەی دروست نەکراوە ئەمە کۆمپانیاکە سوکایەتی پێکردووە.. لەبەرچی؟ چونکە زینەت و سیفەتی مارسیدزەکە وا ئەخوازێ و جوانترە کە تایەکانی بەو جۆرە بچوک بێت، تایەکانی بچوکە، بەڵام نیشانەی کەمی نییە، بەپێچەوانەوە ئەگەر تایەکەی گەورە بوایە جوانیەکەی لەدەست ئەدا.

مەکینەکەش بەهەمان شێوە لەبەرئەوەی کارێکی زیاتر ئەکا پێویستی بە تایەی گەورە هەیە، لێرەدا ئەگەر تایەی مەکینەکە

بچـــوك بێـــتەوە ئەوە نیشـــانەی کەمـــی مەکیـــــنەکەیە چـــــونکە یەکـــــێ لە پێویســـتیەکانیەتی، بەڵام بـــۆ مارســـیدزەکە، گەورەی تایە پێویستی نییە، بەڵکو زیادەیە.

وەکـو زیـادبوونی هۆرمـۆنی نێـرینە وایە لە ئافرەتـــدا کە ئەبێـــتە هـــۆی گـــۆڕان لەفیسیۆلۆژیای کەسەکە.

## کۆتایی

خوێنەری بەڕێز ئەم کتێبەی بەردەستت کۆمەڵە باسێك بوو دەربارەی حیکمەتی ئەو ڕووداوانەی بەسەرماندا دێت، لەگەڵ چەند باسێکی تر دەربارەی خواناسی و دوعا و پاڕانەوە و وەڵامدانەوەی هەندێك لە گومان و پرسیارەکان دەربارەی خودا.

داواکارم لە خوای گەورە ئەم کارەمان بۆ بکاتە مایەی خێر لە دنیا و دواڕۆژ و تۆی خوێنەریش پاداشت وەرگریتەوە لەوەی کات بە خوێندنەوەی گرتووە.

ئالان قەرەداغی

٢٠٢٥/٤/٩

پێنجوێن